### مەلا نەجمەدین وادی:

# یەکێتی زانایان پشتگیری لە خۆپیشاندان دەکات، بەڵام بە هێمنانە نەك نانەوەی پشێوی و سوتاندنی بارەگای حزب و لایەنەکان

لەدیمانەیەکی تەلەفزیۆنی زاگرۆس مەلا نەجمەدین وادی ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان گوتی: ئێمە وەك یەکێتی زانایان لەیەکەم ڕۆژەوە بەوپەڕی جدیەوە بەئەرکی سەرشانی خۆمان هەڵستاینو، کارمان بۆ ئەوە کرد، کە خۆپیشاندانی شاری سلێمانی لەچوارچێوەی یاسایی و ڕێڕەوی خۆی دەرنەچێت.

سەبارەت بەوەش بۆچی شەوی یەکەم سەردانی لقی چواریان کردووە وادی گوتی: کێشەکە لەگەڵ لقی چوار دروست بوو، بەڵام ئێمە سەردانی ئاساییش و سەرۆکی حکومەتیشمان کرد، داوامان لێیان کرد، کە وریا بنو نەهێڵن کەسانی ناحەز ئەم دەرفەتە بۆ خۆیان بقۆزنەوە.

هەروەها ئەو ئەندامەی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان گوتی: ئەو کاتی داوامان لەهاوڵاتییان کرد، ئێستاش داوایان لێدەکەین: هێمنی بپارێزنو کارەکانیان بەپێی یاسا بێت، داواش لە حزبو لایەنەکان دەکەن بە پیر خواستەکانی جەماوەرەوە بچنو، هەوڵبدەن لەناخی جەماوەر بژین.

وادی هەروەها گووتی: دوێنێ لەبەیاننامەیەکدا هەشت داواکاریمان خستە بەردەم لایەنی پەیوەندیدار، لەوانە هەموو لایەك هەوڵبدەن بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخی سلێمانی، تەحقیق بکرێت لەسوتاندنی بارەگای لقی چوار بۆ ئەوەی هۆکارەکەو لایەنی تاوانبار بزاندرێت، هەروەها کشانەوەی ئەو هێزانەی لەدەرەوەی سلێمانی هاتوون، چونکە لەناو سلێمانی بایی ئەوەندە هێز هەیە پارێزگاری بکات، خۆشبەختانە ئەوەش جێبەجێ کرا، هەروەها ئازادکردنی گیراوەکان، ئەوەش دیارە جێبەجێ کرا، هەروەها قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتووان جا لقی پارتی بێت یان کەسێکی تایبەتی یان هەر لایێکی دیکە، داواشمان کرد لایەنەکان دان بەخۆدابگرن بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکەو، داواشمان لە هاوڵاتییان کرد، کە داواکاریەکانیان بەشێوەیەکی شارستانیو سەردەمیانە بێو، دوور لە توندوتیژیو زیان گەیاندن.

سەبارەت بەو قسەیەش، کە هەندێك لەراگەیاندنەکان وایان بڵاوکردووە، کە یەکێتی زانایان پشتیوانی لە خۆپیشاندانەکان دەکەن، وادی ڕوونی کردووە، ڕای ئێمە ئەو بەیاننامەیە، کە باسمان کرد، ئێمە ئێستاش پشتیوانی لە خۆپیشاندان دەکەین، بەڵام بە هێمنی و شارستانی، نەك نانەوەی پشێوی و ناخۆشی، بۆ ئەوەی هیچ دەستێکی دەرەکی بە قازانجی خۆی نەیگۆڕێت.




# یەکێتی زانایان: نابێت خوێنی کورد بەدەستی کورد برژێت و کێشەکە تەشەنە بکات




دوای ڕووداوەکەی شاری سلێمانی، مامۆستایانی ئایینی هەوڵو ڕۆڵی خۆیان خستە گەڕ بە مەبەستی هێورکردنەوەی بارودۆخەکەدا.

لەدیدارێکی تایبەتیشدا لەگەڵ گۆڤاری چرکە مامۆستا جەعفەر گوانی بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، بەناوی یەکێتی زانایانەوە داوا لەخەڵکی کوردستان دەکەن: (بە هیچ شێوەیەك کار بۆ ڕشتنی خوێنی یەکتر نەکەن).

هەروەها دەڵێت: هەر لەسەرەتای ڕووداوەکەدا ئێمە وەك یەکێتی زانایان هەنگاومان هاوێشتووە، شاندێکی مەکتەبی تەنفیزی بە یاوەری لقی سلێمانیو هەندێ مامۆستا، سەردانی سەرۆکی حکومەتو ئاساییشو پارێزگاری سلێمانیو لقی پارتیو ناو جەماوەریان کرد بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکەو، دواتریش بەیاننامەمان دەرکردو، جەغتمان لەسەر ئەوە کردۆتەوە، کە خوێنی کورد بە دەستی کورد نەڕژێتو کێشەکە تەشەنە نەکات.

بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتی زانایان گوتیشی: دیاریکردنی تەرەفی هەقو ناهەق لەم ڕووداوەو پتشگیریکردنی لایەنێك بەکاری خۆمان نازانین، بەڵکو ئەوەی لەو قۆناغە بەلای ئێمەوە گرنگە برایەتیو یەکڕیزی لەناو خەڵکی کوردستان پتەو بکەینو نابێت ژیانی خەڵك بکەوێتە مەترسی، ئێمە پەیامان ڕوونەو پێمانوایە خەڵك هەمیشە مافی خۆیەتی، کە داوا لە حکومەت بکات گوزەرانو ژیانو بارودۆخیان چاکتر بکرێتو، دەبێت حکومەت خۆی بە باوکی خەڵك بزانێتو بە شێوەی میهرەبانانە تەماشای منداڵەکانی بکات، لەگەڵ خۆپیشاندانین بە پێی یاساو بەم شێوەی کە مۆڵەتی بۆ وەردەگیرێتو مەجال بە خەڵك نەدرێت ئاراستەی خۆپیشاندانانەکان بە لاڕێدا ببەنو فیتنەو کێشە لە ناو خەڵك دروست بکەن.

ناوبراو باسی لەوەش کرد: لە کوردستان ئۆپۆزسیۆن نیوەی زیاتری دەنگی ئەو دوو حزبەی دەسەڵاتی هێناوەو، دەرفەت هەیە بۆ کۆکردنەوەی دەنگو پێموایە پرۆسەیەکی جوانی دیموکراسیمان هەیە، ئەو کارەش نابێت ببێتە هۆی ئەوەی پرۆسەی دیموکراسیو مۆڵەتدان بە خۆپیشاندانو ڕازادی ڕادەربڕین تووشی قەیران ببێت پاشەکشە بە دیموکراسی بکرێت.

لەکۆتایی لێدوانەکەیدا جەعفەر گوانی دەڵێت: ئێمە لە دەرەوەو لەناوخۆی عێراقیشدا هەڕەشەمان لەسەرە، تازە هێدی هێدی خەڵك هەست بە ژیان دەکاتو ژیانیان باش دەبێت، بۆیە پێویستیمان بە برایەتیو تەباییو پێکەوەژیان هەیەو، دەبێت خەڵكو حکوومەتو ئۆپۆزسیۆن بەشێوەیەکی مەدەنیانە هەڵسوکەوت بکەنو، نەهێڵن دەستی چوارەمان بێتە ناوو ئەو ئەزموونەمان لێ تێکبدات.

گۆڤاری چرکە ژمارە (٤٢).

# جارێکی تر کێشەی دیموکراسی و حیجاب لە تورکیا

**محمد نەسرولڵا هەورامانی***

ئەنجومەنی باڵای خوێندن لەناوخۆی تورکیا ئەمساڵ خوێندن بڕیاریدا، کە ڕێگری نەکرێت لە کچە خوێندکارەکانی زانکۆو پەیمانگاکانی تورکیا، کە بە لەچکەوە دەوامی خۆیان بکەن، بەڵام بڕگەکانی دەستووری ئەو وڵاتەلائیکییە ڕێگانادەن، کە دیاردەی ئاینی لەشوێنە گشتیەکاندا وەکو زانکۆو پەرلەمانو حکومەتو... هتد مومارەسە بکرێتو، هێشتا زۆرێك لە هێزە سیاسیەکانی ئەو وڵاتە لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤدا نەخەملیون.

ئەم بڕیارە چەقبەستووەی دەستوری تورکیای عیلمانی بۆ زیاتر لە (٣٠) ساڵ دەڕوات کابوسی ڕشی خۆی لەسەر داموو دەزگاکانی تەعلیمو حکومەتدا هەڵداوەو، ساڵانە سەدان قوتابی زانکۆو پەیمانگاکانی ناو وولاتیان جێ هێلاوەو ڕوویان کردۆتە دەرەوەی ولاّت بۆ تەواو کردنی خوێندن.

کە خۆی ئەمە دیموکراسی ناو وڵاتێکی گەورەی وەکو تورکیا دەخاتە ژێر پرسیارەوەو میسداقیەت لەکیس دەدات، لەکاتێکدا دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ناوخۆو میدیای جیهانی بڵاوی دەکەنەوەو، تورکیاش لەسەروبەندی قۆناغێکی نوێی کرانەوەو تێپەڕاندنی دیموکراسیە تەقلیدیو ڕوو کەشکەدایە.

دیموکراسەك جێگای لەچکی کچە خوێندکارێکی زانکۆی تێدا نەبێتەوە، ئیتر چ شانازیەك بۆ مافی مرۆڤو عەلمانیەتی مۆدێرنە دەمێنێتەوە لەو ولاّتە.

وە هەر ئەوەش وای کردووە، کە تائێستا مانایەکی هاودەنگ بۆ هەر یەك لە عیلمانیەت یان دیموکراسی نەکرێتو، بە حەزو ئارەزووی هەندێك لەدەسەلاّتداران کلكو گوێی بکەن.

لەکاتێکدا دەستووری تورکیا لە بەندێکی تریدا دانی ناوە بە تەواوی مافەکانی مرۆڤداو دەستەبەری مافەکانی بۆ دەکات.

لێرەدا بەپێویستی دەزانم چەند سەرنجو ڕایەك لە بابەتەکە بخەمە ڕوو تا ئێمەش لە ئەزموونی جوانی ولاّتان سوود وەرگرینو لەخاڵە لاوازەکان دوور بکەوینەوە:

١- قۆناغی سەپاندنو عەسکرتاریەتو داخرانی سیاسیو قەتیس کردنی دەسەلاّت لە تورکیا تێپەڕی کردو ئەو قەلاّ عەلمانیەتەی، کە مافی نەتەوەییو ئاینی لەگەلێکی وەکو کورد زەوت دەکاتو، دان بە ناسنامەیدا نانێت وا ئێستا داوای مافی خوێندنو کەلتوری میللی خۆی دەکاتو، خوێندکارانیش لەسەر لەچك دەنگی لێ بەرز دەکەنەوە.

٢- کەڵەکەبوونی کێشەو قەیرانەکانی ناوخۆی تورکیا جار لەدوای جار زۆر دەبن، چونکە دەنگی ئازادو ڕاوڕای تر لەو ولاّتە کپ بووبوو، وا ئێستا هەمبانەی کێشەکان دەکرێنەوەو، گرینگ ئەوەیە حکومەت بتوانێت ڕێگا چارەی گونجاویان بۆ بدۆزێتەوە.

ئەم جۆرە کێشانە لە ولاّتانی خۆرئاوایدا هەر زوو ڕێگە چارەی خۆیانیان وەرگرتووە، وەکو کێشە فرەنەتەوەکانو ئازادی تاکەکەسیو مافی خوێندنو جلوبەرگ پۆشین، ئەمەش گەر شتێکمان پێ بڵێ ئەوەمان پێ دەڵێ کە: بەزۆر سەرقاپی نانەوەی گرفتەکان ڕۆژێك دێت ئەو سەرقاپانە دەشکێنو کێشەکانیش چارەسەر بوونیان دەوێت.

٣- ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەلاّتو ژیانی دیموکراسیو یەکتر قبولکردن زامنی بەرەو پێش بردنی ولاّتە، داخوازیەکانی جڤات دەهێنێتە دیو، ئێستا لەسایەی ئەم بارودۆخەدا لەتورکیا ئابووری ولاّت گەشەی کردووەو تورکیا حوزری لەکێشە هەرێمایەتیەکانو نێودەوڵەتییەکاندا هەیەو هەنێك جاریش ڕۆڵی پێشەنگ دەبینێت، کە جاران سەرقاڵ بوو بە کێشە ناوخۆییەکانو گرفتە لاوەکییەکانو ڕۆڵێکی ئەکتیڤی دەرەکی نەدەبینی، بەڵام هەنوکە هێزە ئۆپۆزسیۆنە عیلمانیەکانیش دەستەوسان بوون لەبەردەم حیزبی دەسەلاّتداردا، کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پرۆژەو سەروەری تۆمار دەکات.

٤- ئەم دیاردەیە زۆر ولاّتی نیمچە دیکتاتوری گرتوەتەوە لەبەرەنجامی لاوازی حکومەتو هێزە سیاسیەکان پەنا بۆ بەکارهێنان یان قەدەغەکردنی دیاردە ئاینییەکان دەبەن، لەولاّتێکی وەکو میسر قەدەغە دەکرێت، کە دیاردە ئاینییەکان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان بەکار نەهێندرێت لەلایەن حکومەتی حوسنی موبارەکەوە، بەڵام لەتورکیا ئۆپۆزسیۆنی عیلمانی دەیکاتە کێشەو لە پەرلەمان قسەی لەسەر دەکات، بە بڕوای بەندە حیجابو لەچكو ڕیشو دیاردە ئاینیەکان دەبێت بێ لایەن بنو هەمووان بە هی خۆی بزانێتو کاتێکیش بەرەوڕووی مەترسی بوونەوە هەمووان داکۆکی لێ بکەنو پارێزگاری لێ بکەن.

بەڵام هەندێك لەو دیاردە ئاینیانە هی تاکەکەسینو پەیوەندیان بە تێکدانی کەشو هەوای دیموکراسیو سیاسیەوە نییە وەکو لەچكو باڵاپۆشی... هەروەك چۆن لەساڵی (٢٠٠٠-٢٠٠١) حکومەتی ئەوکاتی ئەجەوید قەدەغەیان کرد، مەروە قاوغچی بەلەچکەوە بڕواتە پەرلەمانو دەیان ڕۆژ پەرلەمانی ولاّتو حکومەت نەیان دەزانی چۆن کێشەی ئەو ئافرەتە پەرلەمانتارە چارەسەر بکەن، تا لەئەنجامدا فەرمانی دەرکردنو گرتنو لێ سەندنەوەی ڕەگوزنامەی تورکیان دەرکرد بەرامبەری، لەکاتێکدا نرخی لەچکەکەی مەروەش لەولاّتە ئیسلامیەکاندا گەیشتە پێنج سەد هەزار دۆلارو دیموکراسی ئەوکاتی تورکیاش بە تەزویر دەرچوو.

* ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان، ئیمامو خەتیب لە شاری سلێمانی.

# تورکیا ٨٠ ساڵەی عەلمانیەت دەبەزێنێت و بەئەسپایی باڵاپۆشی دەگەڕێنێتەوە

دەزگای ڕۆیتەرز ئەم بڕیارە بە بڕیارێکی مێژوویی هەژمار دەکات، ڕۆژنامەی ئەستەنبوڵیش دەڵێت باڵاپۆشی لەنێو ئافرەتانی تورکیا گەڕایەوە باری ئاسایی جارانی، وەڕاپۆرتە هەواڵەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە کەشێکی زۆر ئارامدا دژە سەرپۆشەکان ناچارکران کە بڕیارێکی ئاوەها قەبوڵ بکەن ئەگەرچی نارازاین، بەتایبەت دوای ئەوەی کە ئەنجومەنی باڵای فێرکردن بەناچاری بڕیاریدا کە لە زانکۆی ئەستەنبوڵ قوتابیانی باڵاپۆش وەرگرێت.

لەگەڵ ئەوەی تورکیا ولاّتێکە چەندین سەدەیە ئیسلام ڕەگی تێدا داکوتاوە بەڵام ئەوە نزیکە سەدەیەکەو ئێستاشی لەگەڵ زۆر هەستیارانە مامەڵە لەگەل باڵاپۆشی دەکەن، ئەوەتا لەساتە وەختی نزیك بوونەوەی ولاّت لەیادی ڕۆژی ٢٩ی ئۆکتۆبەر جەژنی نیشتمانیدا کە ساڵانە لەکۆشکی سەرۆکایەتی ئەنجام دەدرێت، ئێستا ئامادەمە باشی بۆ دەکرێت مقۆمقۆ لەنێو سەرکردە سەربازیو سیاسیە عەلمانیەکان پەیدابوە کە هەمیشە دوو ئاهەنگ سازکراوە یەکێك بۆ سەرکردە خێزان باڵاپۆشەکانو ئەویتریان بۆ ئەوانیتر،بەڵام ئەمساڵ جیا لەساڵانی تر یەك ئاهەنگ ساز دەکرێت،کەدیارە سەرۆکی ولاّتو سەرۆك وەزیران خێزانەکانیان بەباڵاپۆشی ئامادە دەبن،تۆبڵێی خێزانی سەرکردە عەلمانیەکان چۆنو بەچ شێوازێك ئامادەی ئاهەنگەکە بین؟

لەلایەکی تر ڕۆیتەرز دەڵێت: هەڵوەشانەوەی بڕیاری قەدەغە کردنی باڵاپۆشی نوێترین ئەلقەی کێبەرکێی یاساییو سیاسیە لەنێوان پارێزکاران وەکو واجبێکی شەرعیو ئەوانەی کە بەزاندنی دەستری عەلمانی ولاّت تێدەگەن، وەلەسەر زاری (جونجور) کە قوتابیە تەمەنی ١٨ساڵەو یەکەمجاریەتی پێدەنێتە ناو زانکۆ پالاّپۆشە دەلێت منیش وەکو کچە پورەکەم ئامادە بوم ئەگەر بێمە زانکۆ باروکە لەسەربکەم، لەکاتێکدا باڵاپۆشی هەرەشە بۆ سەر کەس دروست ناکاتو بەڵکو بڕیارێکی کەسیە.

وە(بینار جیدیك) کە مامۆستای وانەی زمانی عەرەبیەو باڵاپۆشە دەڵێت:بڕیاری قەدەغەی باڵاپۆشی کارێکی زۆر ترسناکە کەئێستاش لەزۆرێك لە کۆلیژەکان بەردەوامە .

هاوشان لەگەڵ ئەمانە دەبێت بزانین کەسوپاو دەسەلاّتی دادوەری ماوەیەکی زۆرە دەستیان بەسەر کاروباری ولاّت داگرتوە، بەتایبەت ماوەی چوار حکومەتە کۆسپو لەمپەر دروست دەکات بۆ گەڕانەوەی ولاّت بۆ بەهاباڵاکانی ئیسلام، وەبەهیچ شێوەیەك نایانەوێت تارمایی یاسا عەلمانییەکان ئاسمانی تورکیا بەربدات.

بەڵام نزیك بونەوەی ولاّت لەیەکێتی ئەوروپا دەسەلاّتدارانی سوپای ناچارکرد کە مل بۆ ئەو چاکسازیە بدەن، بۆیە ئەو گۆڕانە زۆرە لەسەر گۆڕەپانی تورکیا هەستی پێدەکرێت لە بڕیارو هەڵوێستەکان لەهەمبەر باڵاپۆشی لە داموو دەزگا فەرمیەکاندا کە لوتەیەکی سەخت بوو.

بۆیە عەلی بیراند کەنوسەرێکی تورکیە لە بابەتێکیدا دەڵێت: (لێیانگەڕێن چی دەپۆشن با بیپۆشن) وەکو سەرنجێك لەسەر ئەو جەنگە ٨٠ ساڵیەی دەرهەق بە دیندارانی ولاّت دەکرێتو زیاتر دەڵێت ئێستا جیهان گۆڕاوە پێویستە تورکیاش بگۆڕێت، پێویستە ئەو کیس کۆنە دابخرێتو بەرەو ئایندە هەنگاو بنێین.

ئەگەر سەرنج بدەی هەوڵی سێ ساڵ لەمەو پێشی دادو گەشەپێدان ئاگرێکی گەورەی لە نێو ناوەندەکانی سیاسی نایەوە خەریك بو لەڕێی یاساو دادگاوە حزبەکەش هەڵوەشێننەوە بەڵام بەحیکمەتو توانای زۆریان هەرەسیان بەو هەوڵە هێنا.

بۆیە دەبێت بزانین قەدەغە کردنی باڵاپۆشی زۆر پێچەوانەیە لەگەڵ مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ کە ناکرێ ژیان بێئەوانە بڕێ بکرێ بەهەر بیانویەك بێت، چونکە زۆر جار نوسەرانی بەڕێز دەکەونە ئەو هەڵەیە پشتگیری لە قەدەغەی باڵاپۆشی دەکەن مادام مافی خوێندن یان قسەکردن بەزمانی کوردی لەو ولاّتەدا نییە، بەڵکو هەرهەموان پێشێلکردنی سەرەتاترین مافەکانی مرۆڤن.

ئەرگۆن ئەزبۆدن کە پسپۆڕە لەبواری دەستور دەڵێت: تورکیا پێویستی بە پەیوەندی نوێ هەیە لە نێوان ئاینو دەوڵەت.

لە کۆتییدا وا پێشبینی دەکرێت پارتی دادو گەشەپێدان کە خاوەنی بیرۆکەی چاکسازیە لەدستور دوای ئەو سەرکەوتنە مەزنەی کە لە ڕاپرسی ئەیلول بەدەستی هێنا لە هەڵبژاردنی داهاتوی ٢٠١١ پشکی شێری بەرکەوێ.

# لە دوای کۆنگرەی پێنجەمەوە یەکێتی زانایان داوای حەسانە بۆ مامۆستایانی ئایینی دەکات

مامۆستایانی ئایینی هەمیشەو هەمیشە ڕۆڵێکی کارایان هەبووە، لەو بارودۆخەی لەم دواییەش لەسنووری پارێزگای سلێمانی هاتە پێش لە هەموو ناوچەکانی کوردستان جوانترین ڕۆڵیان بینی، لەهەندێك شوێن پەرژینی مرۆییان دروست کردو، تا هەندێکیان بریندداریش بوون، هەر بۆ ئەم مەبەستەو بۆ ئەوەی بە قەد قەبارەی پێگەی خۆیان پێویستە حورمەتیان بگیرێت.

مەلا جەعفەر گوانی بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بە سایتی زانایانی ڕاگەیاند: هەر لەدوای تەواوبوونی کارەکانی کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتی زانایان یەکێك لەو خالاّنەی لەگەڵ چەند لێژنەیەکی پەرلەمانو سەرۆكو جێگری سەرۆکی پەرلەمان قسەمان لەسەر کرد، دانی حصانە بوو بە مامۆستایانی ئایینی، بەڵام کێشەی ئێمە زیاتر لەوە بوو، کە چۆن پێناسەی مامۆستای ئایینی بکەین، ئایا بەپێی بڕوانامەی ئەکادیمییە، یان بڕوانامەی زانستی یان شێوازی دیکە، بەڵام دوای هاتنەپێشی ئەو ڕووداوانەی ئەم دواییە، وەك ئەرکێکی سەرشانمان لە کەمترین دەرفەتدا هەوڵدەدەین ئەو پرۆژە یاسایە دەوڵەمەند کەینو، بیدەینە پەرلەمانی کوردستان بۆ گفتوگۆکردن، بەو هیوایەی ئەو پشتیوانیەمان لێبکرێت، بۆ ئەوەی هەمیشە حورمەتی زانایانی ئایینی پارێزراو بێت، وە لەکەسانێکیش جودا بکرێنەوە، کە بوونەتە بار بەسەر ناوی مامۆستایانەوە، کە هەندێکیان لەوانەیە قورئانیشیان ڕەوان نەبێت، بۆ ئەوەی هەر لێپێچینەوەیەك لەگەڵ مامۆستایانی ئایینی بە پێی یاسا بێتو، لەو حاڵەتانە بێت، کە دیاری دەکرێن، وەك هەر کەسێك کە حەسانەی هەیە.

هیوادارین وەزارەتی ئەوقافو لایەنە پەیوەندیدارەکانیش هاوکارمان بن بۆ ئەوەی لەو پرۆژەیە سەرکەوتوو بین.

# له‌ سه‌رجه‌م شارو شوێنه‌ جیا جیاكانی كوردستان

## بۆ به‌رزراگرتنی یادی مه‌ولود

## یه‌كێتی زانایان زیاتر له‌ ٥٠ ئاهه‌نگی مه‌ولود ساز ده‌كات

به‌مه‌به‌ستی پتر به‌رزراگرتنی یادی مه‌ولودی پێغه‌مبه‌ری ئیسلام (درودی خوای له‌سه‌ر بێت)، یه‌كێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستان له‌ چه‌ندین شوێن ئه‌م یاده‌ پیرۆزه‌ به‌رز راگرت.

مه‌لا عه‌بدوڵڵا مه‌لا سه‌عید سه‌رۆكی یه‌كێتی زانایان له‌ لێدوانێكیدا بۆ سایتی (زانایان) رایگه‌یاند: بۆ ئه‌م ساڵه‌ ئێمه‌ وه‌ك یه‌كێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستان به‌رنامه‌یه‌كی فراوانمان دانا، بۆ ئه‌وه‌ی بتوانین ئه‌م یاده‌ مه‌زنه‌ پیرۆز رابگرین‌و، به‌هۆیه‌وه‌ خۆشه‌ویستی‌و شوێنكه‌وته‌یی پێغه‌مبه‌ری ئیسلام درودی خوای له‌سه‌ر بێت له‌ناو دڵی هاوڵاتییانمان قوڵتر بكه‌ینه‌وه‌.

سه‌رۆكی زانایان له‌ درێژه‌ی قسه‌كانی گوتی: هه‌رچه‌نده‌ خه‌ڵكی كوردستان خۆی هه‌میشه‌ ئه‌م یاده‌ی له‌لا پیرۆزه‌و، هه‌میشه‌ به‌مه‌زنی رایده‌گرێت، به‌ڵام ئێمه‌ش كه‌ به‌شێكی ئه‌و خه‌ڵكه‌ی كوردستانین، ویستمان به‌شمان تێیدا هه‌بێت، بۆیه‌ ئه‌مساڵ له‌سنووری هه‌موو لقه‌كانی یه‌كێتی زانایان، كه‌ (١٦) لقمان له‌سه‌رتاسه‌ری هه‌رێمی كوردستان هه‌یه‌، ئه‌م یاده‌مان به‌رز راگرت‌و، هه‌وڵیشمان دا له‌ هه‌ر شوێنێك زیاتر له‌ مه‌ولودێك بكرێت، بۆ ئه‌وه‌ی بتوانین له‌ زۆربه‌ی شارو شارۆچكه‌و هه‌ندێك له‌ گونده‌ گه‌وره‌كانیش ئه‌م یاده‌ بكه‌ینه‌وه‌، بۆیه‌ یه‌كێتی زانایان زیاتر له‌ په‌نجا شوێن ئه‌م یاده‌ به‌ر راده‌گرێت.

ئه‌مانه‌ی خواره‌وه‌ ناوی هه‌ندێك له‌و شوێنانه‌یه‌ كه‌ یه‌كێتی زانایان ئاهه‌نگی تێدا سازدا، له‌وانه‌ لقی هه‌ولێری زانایان، لقی دهۆكی زانایان، لقی سۆرانی زانایان، لقی كۆیی یه‌كێتی زانایان، لقی شاره‌زوری یه‌كێتی زانایان، لقی چه‌مچه‌ماڵی یه‌كێتی زانایان، لقی پشده‌ری یه‌كێتی زانایان، لقی شه‌قلاوه‌ی یه‌كێتی زانایان، لقی گه‌رمیانی یه‌كێتی زانایان، لقی زاخۆیا ئێكه‌تیا زانایان، لقی شێخانی یه‌كێتی زانایان، ناوچه‌ی خانه‌قینی لقی گه‌رمیانی زانایان، ناوچه‌ی چۆمانی زانایان، ناوچه‌ی كفری لقی گه‌رمیانی یه‌كێتی زانایان، ناوچه‌ی شه‌قلاوه‌ی یه‌كێتی زانایان، ناوچه‌ی خه‌لیفانی یه‌كێتی زانایان، ناوچه‌ی رواندزی زانایان، ناوچه‌ی سه‌ید سادقی زانایان.


























## سه‌رۆكی حكومه‌ت‌و پارێزگاری هه‌ولێرو سه‌رۆكی زانایان‌و شاندێك ناو شاری هه‌ولێر به‌سه‌ر ده‌كه‌نه‌وه‌

# ئاهەنگی بەرز راگرتنی مەولود بەڕێوەچوو









































